klawrojna

# ژنێک لە دارگێلاس

شیعر

# ژنێک لە دارگێلاس

پشکۆ نەجمەدین

ڕەخنەی چاودێر

© پشکۆ نەجمەدین
ناوی کتێب: ژنێک لە دارگێلاس - شیعر
© لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر 2009
سامی هادی: سەرپەرشتیاری کتێبی ڕەخنەی چاودێر
چاپی یەکەم، 2009 سلێمانی
ژمارەی سپاردن (      ) 2009

## له مەرگی گەڵادا

تەمەننام فڕینە لە فەزای پاییزدا
لە هەوری ڕۆحمەوە شیعرێکی نماوی دابڕژێ،
لە  تازییەی ڕێزگرتن لە مەرگی گەڵایەک،
بە دەرگای مزگەوتی وەرزەوە،
بینووسم.

## مانایەک بۆ مردن

بێمانا نابێت مردن لە زەریادا
ساڵێ پاشتر دەبمە ماسی،
خەندەی بەخت و بەخۆنازین
لەسەر لێوی ماسیگرێک دەنەخشێنم.

## سەرخۆشن ئەستێرەکان

*(کە خۆر نەخۆش دەبێت*
*زەریا دەرگای خەستەخانەی فریاکەوتن دەکاتەوە!)*

لە سەفەری ئەم وەرزەی خۆی خۆر ماندووە،
لەکەلەپۆی ئاوابووندا
بەسەرگۆچانێکی نارنجیدا چەماوەتەوە،
زەردەپەڕی لە چمکی کەوایەکی سوورباو پێچاوە.
خۆر دەکۆکێ..
لەو بەرزەوە دواهەناسەی تیشکەکانی
بە قرخەقرخ
دەنێرێتە ژووری فریاکەوتنی زەریا.
دۆلفینەکان
بە سەما تیشکەکان دەخەوێنن
دڕەماسییەکان
بە ددان نەشتەرگەرییان دەکەن
ئەستێرە زەرياييەکان
بە پەلوپۆی زیوینیان زامەکان دەدوورنەوە
کیسەڵەکان
لە بەشی هۆشهاتنەوەدا
ئێشک دەکێشن..

له گزنگدا
 خۆر خەستەخانەی جێ هێشتووە و
بۆ خوازبێنیی مانگ بەڕێوەیە.
لە زەماوەندی خۆر  و مانگدا،
ئەستیرەکان ڤۆدکای تیشک دەخۆنەوە
سەرخۆشن ئەستێرەکان
لەسەر شەقامی کاکێشان
لاڵوپاڵ لێی کەوتوون!

مای 2009

## یادەوەری

کۆنەبەلەمێکی کونکون
بە سەرشانی شەپۆلەوە
سەوڵەکانیم لێ کەوتوون
دەستەکانم پڕن لە ڕۆشنایی ڕووی تۆ
چاوم لە نادیار بڕیوە
بە بەستێنی سەرابەوە چۆڵەچرایەک دەسووتێ
دەشێ باڵای تەمەنی تەنیایی تۆ بێ
بەسەر دوندی تاریکایی فیراقەوە
یان
پزیسکی پوشووی هۆشم
لەسەر بەردەئەستێی غوربەت
یادەوەری فووی لێ بکات!

یونی 2009

!!

پڕم لە پەیڤ
پەیڤی ئاونگ لەسەر پەلکی وەنەوشەیەک
ساتێ ڕەدووی تیشک دەکەوێ
ژوانگەی ئەشق بەرەو نادیار جێ دەهێڵێ.

پڕم لە پەیڤ
پەیڤی گەڵای لە زەردیی ڕەزان بەجێماو
ساتێ سنووری ڕەنگەکان دەبەزێنێ
لە نێو ماڵی بێڕەنگیدا چاو لێک دەنێ.

پڕم لە دەنگ
دەنگ و سەدای بەربوونەوەی بەیانیانی ئەستێرەیەک
ساتێ بە پەیژەی گزنگدا دێتە خوارێ
لە زەریاچەکەی بەرماڵمان بەرگی شەپۆلان دەپۆشێ.

پڕم لە ڕەنگ
ڕەنگی بەفرێ
کلووکلوو
دەنیشێتە سەر کاسکێت و
گەرمپۆشی پۆستەهێنێک کە هاڵاوی نامەکانت
بە دەستی سەهۆڵ دەسپێرێ،
چۆڵەچرای هومێدێکیش بە دڵی من.

پڕم لە زایەڵەی زەمەن
لە دەنگدانەوەی فیغانی کچۆڵەیەک
لەوێ..
لەسەر لەپی داگیرساوی ئەنفال
بەرز فڕی،
لە ئینجانەی تارمەی خوادا بوو بە پرسیار
لێرە..
لە تیشکەلانی چلچرای مەددەنییەت و
لە مەیدانی جەنگی نەبڕاوەی "فەرهەنگ"دا،
لە کەلانی خەنجەرێکی خوێناویدا،
بوو بە "نیشانەی سەرسوڕمان"!

یەنیوەریی 2009

## وێنەپاییزییەکان

پاییزی پێشوەخت،
پەنجەکانی لە چڵی دارگێلاسەکەمان
گیر کردوون،
گریەی گەڵا گوێی هاوینی کەڕکردووە!

هێلانەی ژێر ساپیتەی تارمەکەمان
بێجریوە،
ژەنراڵ پاییز
چۆلەکەکانی بۆ گەرمیان ڕاگوێزاون.

سنەوبەری باخچەکەمان
مەمکەکانی چۆڕ چۆڕ شیریان لێ دەچۆڕێ
دەستی پاییز شەو تا بەیان دەیانگوشێت.

داربەڕوویەک لەوێندەرێ،
قەدپاڵ قەدپاڵ،
دەرۆزەی قومێ ئاو دەکات
دارسێوی دراوسێکەمان لێرۆکانە،
دوێنێ لە باراندا
خنکا!

پاییز بە کاسکێتێکی زەردەوە ڕێ دەکا
هاوین بە پاڵتۆیەکی خۆراوییەوە هەڵدێ،
گیرفانەکانی تیشکیان لێ دەڕژێ
تیشکۆڵەکان لە بن دارپەرژینەکاندا
هەڵدەلەرزن.

سمۆرەیەکی سەرچڵ
گازێکی لە گوێزنگی پاییز گرت،
گەڵایەک بەدەم زەردبوونەوە هوتافێکی بۆ کێشا.

دارستانەکەی بەرانبەرمان
لە پرسەی گەڵاکاندا
سێ ڕۆژە دانیشتووە.

پاییز بە تابووتێکی پڕ لە تیشکەوە گەیشت،
درەختەکان تا کەناری زەریاچەکە شوێنی کەوتن،
ماسییەکان تەرمی هاوینیان بە ئاو سپارد.

ئەمڕۆ  پاییز لە ***باخچەی پاشا*** پیاسەی دەکرد
ئاگرەژنەکان سنگ و مەمکی خۆیان داپۆشی!

پاییز لە دەرکەی قاوەخانەکە وەژوور کەوت،
کەس سڵاوی لێ وەرنەگرتەوە، پیاوێک نەبێ
ئەوە من بووم!

دوێنێشەو من و گێلاس
بە بەرچاوی پاییزەوە لێک ئاڵابووین
پاییز بە پەتوویەکی تەنک داپۆشین.

پاییز پردێکە لە زەعفەران
لەوسەرییەوە
سەربازەکانی بەفر
مارش دەکەن
لەمسەرییەوە
هۆردووی هەتاو
بارگە و بنەی خۆی تێک ناوە.

مێرووله‌كان ده‌نكه‌گه‌نم به‌ ده‌مه‌وه‌
ده‌ستبه‌دوعا
له‌ژێر تاوڵی زێڕینڕه‌نگی كوارگێكدا
تنۆكی باران ده‌ژمێرن.
من سه‌رڕێژم له‌ وه‌سوه‌سه‌ی
ئه‌شقی ژیان
له‌ ڕه‌هایی فه‌نابوون و
له‌ گومانی گه‌ڕانه‌وه‌
فرچه‌ی په‌یڤم له‌ ڕه‌نگی یاقوتیی
شیعر وه‌رده‌ده‌م و
هه‌رچی ده‌كه‌م هێڵه‌كانی هه‌ڵوه‌رینم
له‌ سێبه‌ری ڕوئیایه‌كدا
یه‌كتر نابڕن.
من ڕه‌نگدانێک له‌ پاییز قه‌رز ده‌كه‌م
فرچه‌یه‌ک له‌ "با"
خه‌یاڵێک له‌ باران.

## ئاشتبوونەوە لەگەڵ چەک

سەرمایێتی بەفر
کزۆڵ کزۆڵ
دەخزێتە ژێر شرەپاڵتۆی پێشمەرگەیەک!
پەنجە ڕچیوەکانی
لە سنگی ئاگراویی کیژێکی ***قەندیل*** دەنێ
بەفر ئاهێکی پێدا دێتەوە
بەفر سوورهەڵدەگەڕێ!

لە بەرزەفڕیی خۆی ناڕازییە تەوار
ئەزموونی بەرزفڕین لە کیژەکانی ***قەندیل***
فێردەبێ
تەوار لە تەهی ئاسماندا
چاو هەتەری ناکا
سێرەی چ ڕاوچییەک نایبینێ!

***قەندیل*** لە بڵندیی باڵای دوودڵە
دڵکرمێیە لە ڕژدیی کەپکەکانی
***قەندیل*** لە سەرشانی کیژێکی خۆی دادەنیشێ،

هەزار لوتکەی لێ سەوز دەبن
دارستانێ کەپک و زنار لێک دەئاڵێن!

لەنێو دۆزەخی دووکەڵدا کوێرە هەتاو
هۆن هۆن دەگری
هەتاو هانا بۆ کیژێکی ***قەندیل*** دەبا
کیژی ئاشق
سەری زمانی لە چاوی هەتاو دەخشێنێ
هەتاو قاقا پێدەکەنێ
چیا دەبێتە چلچرا!

من لەمێژە "**ئاشوماش**"م لەتەک تفەنگدا کردووە
من دەزانم سبەی لەگەڵ کازیوەدا
لە دەرەیەکی ***قەندیل***دا بزر دەبم
گوورگێک پەلامارم دەدا
کیژێک دەبێتە فریادڕەس
چەکێکم بە دیاری دەداتێ
من بە ئەشقی دێرینمەوە
نێوچاوی کیژەکە و
ڕووخساری چەکەکەش ماچ دەکەم.

28 ی فیبریوەریی 2008

## فێرم بکە وەک ئاشقان پیاسە بکەم

لە  تاریکایی دڵمدا
 تاڵێ لە تیشکت بڕوێنە!
تیرۆژێک لە بیناییمدا،
لە هزرینمدا ئیشراقێک،
لە نێولەپمدا مانگێک و
لە زمانمدا ئەستێرەیەک!

لەنێو بازنەی ڕەشبینیدا  هەڵمکێشە
لە خەرمانەی نووری خۆتدا پەنجەرەیەک
بۆ بینینم ئاوەڵاکە
ئەشقی رۆحتم.. ئاشقم بە!
بە زمانی ئەڤین بمدوێنە،
لە سۆناتای دەنگی تۆدا،
بە نۆتەی دەنگەکان ئاشنام
فێرم بکە:
بە تەنیایی وەک ئاشقان پیاسە بکەم
لەگەڵ کەروێشکەی قەرسیلدا بم بە شەپۆل
هاوئیقاعی چڵەپۆپی سنەوبەرێک بشنێمەوە

لە گریەی گەڵایەک بگەم کە چڵی خۆی بەجێ دێڵێ
لەنێو جامۆڵکەی پەیڤێکدا
 مشتێک مرواری هەڵهێنجم
لە تەلاری تێکستێکدا،
دەرگا لەسەر گەلەرییەک
بۆ ڕەنگەکان  بترازێنم.

بمبەرە رۆخی رۆخانەی خەیاڵ،
با لە خەزانی ئەو گوڵماچانە بڕوانم
بە بای پاییزم سپاردن.
رووناکاییی بزەکان
کە لەسەر بەرزاییی تاوێرەکانی تەمەن کوژانەوە،
ببینمەوە!
بژێنمەوە لە جەستەمدا
گەرماییی جەستەکان کە زەمهەریرن ئەمێستا.
رۆژێک گوتم:
"بەردیش لەگەڵ زەوین  دەدوێت.
بەردیش زمانێکی هەیە،
ئێمە هەرگیز لێی تێناگەین...".
لەنێو سیحری ڕۆشناییتدا،
دیرۆکی بەبەردبوون و بوونبەئاوی رۆحەکانم،
لە زماندا بۆ بنەخشێنە
تۆ مەهێڵە:
 ئەسپی سەرم سین بکات و

سمكۆڵانی بیرچێتەوە
ڕەگی زمانم با هەر خۆی بێ و
لەسەر بنجی زمانێکی تر نەڕوێتەوە!
تۆ بهێڵە
به باڵی زمانێکی باڵا،
باڵای شیعر بەرزتر بفڕێ،
تا تەرزی شکۆیی ئەوین،
دووندی ئەشقت جێ نەهێڵێ.

ئاگۆستیی 2006

## چرکەسات

پێکێکی بێمەزە، زمانم لە زمانت دەئاڵێ،
گێلاسن گۆی مەمکت بە چڵی دەستمەوە،
گوڵدانی ئارەزووت دەخەملێ.
هەڵدەکا لە مندا زریانێک،
لە تۆدا چەخماخە!
ساتێک و رۆح ئارام ...
جەستەمان شەلاڵی خۆشاوی ئەوین و
چەرپاکە بێدەنگ و
چراکەش، چاوانی  لێک دەنێ ...

## چۆنت بنووسم؟!

ئەستەمە نووسینی ***تۆ*** لە شەوێکی ئەبەنووسدا..
مەیلی دەستێک بە کەناری کازیوەدا پەلم دەگرێ،
بە شوێنێکم دەگەیەنێ کە مشتێک تیشکی رووخسارت
لە رووخسارمدا دەڕوێت و
شتێک وەکو بۆنی سنگت
هەستی نووسینم دەگرێت و
دەڵێت: هەستە!
لەودیو حەساری شیعرەوە، بستێک بۆ نووسین نەماوە!

25/11 / 2004

## پاڕانەوە

وەک سپێتیی ڕۆحی ژنێک ڕووسپیی دیوانم بکە
مینا سووریی گوڵی مەمکێک با ڕووسوور بم..
لەبەر زریانی بەعسدا نەچەمیم من
نەڕچیم من لەبەر تۆفانی مەنفادا
تۆ خۆت شایەت بووی خودایە!
تۆ وا بکە:
لەبەر شاڵاوی مەمکێکدا،
تێک بشکێم من!
لە سەنگەری سینەیەکدا،
ئاڵای تەسلیمبوون هەڵبکەم
من لە زیندانی "**ئاه**"ێکدا،
هەتا ئەبەد زیندانیی بم.

## لەیلەتولقەدر

دوو مەمکی ڕووت
لە تاریکیی میحرابێکدا ڕوو لە خودا
دابگیرسێن،
فەنا دەبن حەرفەکانی "فەتوا"،
دەبنە گوڵزار سەحراکانی خۆشەویستی.

دوو مەمکۆڵە
سرکتر لە ئەسپی ***عەدالەت***،
توندتر لە پەیڤەکانی ***پیاو***،
سەرکێشتر لە دەسەڵات و
***گۆ*** بەرزتر لە بەرزیی **شەرەف**،
سپێدەیەک، لە مەمکدان یاخی بن و
بە پەیژەیەکی تیشکیندا
بەرەو عەرشی خوای تەعالا سەربکەون؛
ئاستانەی ئاسمان گڕ دەگرێ،
خوا شەڵاڵی ئەشق دەبێ،
ژن و خودا،
لە یەکدیدا دەتوێنەوە.

## ژنێک لە دارگێلاس

"پێم خۆشە میوانی من بیت
هەمیشە جیرانی من بیت" *فۆلکلۆر*

میوانم بە!
لە بەفرستانی مەنفادا، شاری تیشکین، شاری شیعر،
لەوێندەرێیە ماڵی من!
لە شەقامی ئەو پەیڤانەی لەنێو رۆحمدا  هەڵدەفڕن،
ماڵێک هەیە بە ناوی ژن!
ئادرێسی من:
کوچەی باران،
تەلارێک بە ڕەنگی ڕووبار،
نهۆمێک دراوسێی هەور،
دەرگایەک بە دەنگی ئەشق و
ڕاڕەوێک لە بۆنی مێخەک
لەوێندەرێیە ماڵی من.

بەربەیانێک میوانم بە
کە پەنجەرە پەلی تیشکێک دەکێشیتە ژێر پێخەف و
پەنجەکانی یاریی بە ژێی دڵم  دەکەن.

میوانم بە!
لەماڵێکی گەرموگوڕی بێئاگردا،
لە ماڵێکی تیشکباری بێچرادا
ماڵێک، ساپیتەی شەبەنگ و
دیواری  چلچرای خەون!

میوانم بە!
ساتێ مەنفا لەنێو بەفردا خەوتووە.
ساتێ بەفر بۆ ساتێکیش چاو لێک نانێ!
بەفر خانەخوێیەکی نانبدە،
بەفر کابانێکی دەستتەڕ
بەفر بەوەفاتر لە پاشاکانی نیشتمان،
بەفر بەئەمەکترین دۆستی من و
 گەرمترین کفنی شەهید!

لە ماڵی مەنفادا
لە ماڵی بەفردا
لە ماڵی باراندا
لە ماڵی شیعردا
لە ماڵی شەهیددا
ئێمە میوانێکی خاوەنماڵین.

زەردەپەڕێک میوانم بە
من، تۆ، شەهید و بەفر و شەڕەتۆپەڵ..
من، تۆ، شەهید و شیعر و سەماکانی زۆربا!
من و تۆ و ماڵێک، خەمەکانی لە یادگارییەکانی شەهید،
خەندەکانی لە زەردەی سەرلێوی بەفر.

میوانم بە
تۆ ئەی دارگێلاسی ڕۆحم!
ئەگەر نا، من بەم ئادرێسە میوانتم:

بەفرستانی مەنفا
شاری شیعر
شەقامی ژن
کوچەی باران
ئەپارتمانی رووبار و
نهۆمێک دراوسێی هەور..
ئەمە ماڵی خەونەکانی من و تۆیە!

ئاپریلی 2006

## تۆ دێیت و زگۆڵەی دڵی من گڕ دەدەیت!

دەزانم ڕۆژێک دێیت،
دەرگای زیندان بۆ لێدان نابێ،
دەرکەی دڵیش کلیلێکی پێویست نییە.
لە پەنجەرەی گزنگەوە،
لە ڕیتمی باڵی نەورەسێکدا، دێیت و
***ئەم زیندانەی من ناوی ماڵم لێ ناوە****، نوورپرژێن دەکەیت.
دڵنیام دێیت.
دێیت و نە پرسیارێک لە ناو دەکەیت نە لە نیشان،
نە ڕابردوو لە پەیڤێکدا هەڵدەگریت و
نە هەواڵی چراوگێک دەپرسیت کە ڕەنگە ئاییندەشەوێک
تیرۆژێکی لەرزۆک بهاوێتە نێو تاریکاییی دڵم.
دێیت و
بۆ ساتێک لە زەریاچەی سپێدەم هەڵدەکێشیت،
لە بۆنی دارکاژێکی باراناویم دەپێچیت و
بە میهرەبانیی هەورێکی دڵنماوی
سەرتاپێی جەستەی شۆڕەکاتم تەڕ دەکەیت.
دێیت و
سڵاوێک لە تەمەن ناکەیت،

دەست نانێیتە دەستی پتورکاوی ساڵەکان،
خەندەیەک لەمەزرای زەمەندا ناچێنێت،
ئاوەڵناوی شوێنەکان لە خشتەت نابەن.
تۆ دێیت و
ئەلف و بێی سووتان و ڕێزمانی نهێنی ئەشقستان،
دەکەیتە پزیسک و
زگۆڵەی لای چەپی دڵی من گڕ دەدەیت.

یەنیوەریی 2007

*هاوڕەنگی وێنەیەکی فەرهادشاکەلیی هاوڕێمە.

## له بێدەنگییت دەبم بە ئاو

چەند بوێربووی کە لە ماڵی شیعری مندا،
بە بەرائەتی منداڵێک گەمەت بە پەیڤەکانم کرد،
حەرفەکانت لە نیگاتدا خەواندن و
لە دیواری دێڕێک شیعرا
تابلۆی میوانداریيت کێشا.
چ دڵێکی پڕ لە میهر و چ دەستێکی پڕ نوورت هەن،
دڵێک بە میهرەبانیی گوڵێک و
دەستێک بە رووناکایی تریفە.
چ دڵێکە، لێوانلێو لەم ئەشقی پەیڤە؟
چ دەستێکە تەڕیی ئاونگی لێ دەتکێ؟
چ مەیلێکە، لەم دوورەوە لە بەردی بێدەنگییت ترساو؟
من گوێبیستی دەنگی بەرد بووم لە بێداریی شەوێکمدا،
من شەوێکم بە چەخماخەی پێککەوتنی دوڕی وشە،
بە شوعلەی چراوگی شیعرێک، کردە رۆژێک بێکۆتایی!
تۆ بە دەمبەستنی **مەیل**-ێک،
بە کوشتنی دەنگی بادانی کلیلێک،
حوکمی مەرگی خۆرێکت دا!

یەنیوەریی 2006

## تریفەی ماچ

*بۆ گێلاس*

شیعرێک دەنووسم،
ڕیتمی لە ماچ و
پەیڤی لە ماچ و
مۆسیقای لە ماچ ...
شیعرێک بە تەنیا لێوانلێو لە تۆ!
ئەمشەو دەتگەمێ، هێندەت ماچ دەکەم
تا دەبیت بە تیشک،
هێند ماچم بکە تا دەبم بە ئاو!
ئەمشەو لە کەنار گۆمی غوربەتا؛
ماڵێک لە بەهەشت بە ماچ چێ دەکەین،
بەنەرمیی شنە دەرگای ماچ دەکوتین،
لەسەر تەختی ماچ ڕووت دەبینەوە.
ئەمشەو لە جامی گوڵڕەنگی لێودا،
خڵتەی شەرابی ماچ دەخۆینەوە!
ئەمشەو لە بەردەم پەنجەرەی ماچدا،
گوڵەئەستێرەی ماچ هەڵدەفڕێنین،
دەبینە مانگ و بە تریفەی ماچ،
شەو دادەپۆشین.

نۆڤامبەری 2005

# رۆحم بەرامەی تۆی لێ دێ

*(بۆ گێلاس)*

سەرم بە سەفەر دەسپێرم، بە دەستەکانی تۆ..دڵم،
تۆ بە تنۆکەفرمێسکێ،  کە لەسەر سینگت بەجێم هێشت!

سەفەر بەرەو هەرکوێم ببات،
هەر زەریایەک، لە نزمیی دەیان میلەوە،
سڵاوی شینم لێ بکات،
هەر شارێکی زۆر دڵگیرە، داوەتنامەم بۆ بنێرێ،
لە هەر فڕگەیەک دابەزم،
هەر شۆخێک بە پیرمەوە بێ،
لە کونجی هەر مەیخانەیەک،
جام لە جامی هەرکەس بدەم،
لە هەر پێخەفێک رابکشێم،
هەناسەم گوڵشەنی ماچ و
رۆحم بەرامەی تۆی لێ دێ!

## TABU

وەک ئەمیبا دابەش دەبووم ئەگەر ژن بام!
لە سەردەمی مەرگی خۆشەویستی و قاتیی ژیاندا،
لە شیرینییەکانی جەستە شارمان سەرشار دەکرد.
دابەش دەبووم و لەگەڵ تریفەدا
دەبارینە سەنگەرە خوێناوییەکان،
بە ئاونگی ماچ
فیشەکەکانمان دەکردنە وەنەوشە،
لوولەی تۆپەکانمان مەمکرێژ دەکردن،
چەکەکانمان
لە تەنووری سینەماندا دەسووتاندن،
شەڕکەرانمان
بە شیلەی ئەشق دادەپۆشین،
لەسەر هەر سەنگەرێک
مەمکدانێکمان دەکردە ئاڵا،
سروودەکانی سەرکەوتنمان
لە گۆرانییەکانی جووتبووندا دەتواندنەوە!

دابەش دەبووم ئەگەر ژن بام:
لە شەوەیخوونی پەلاماردا
کراسی کازیوەمان دەپۆشی
لە هەیوانەکانی جەنگدا
دەمانکردە سەما
سەمای ئاشقانێکی ئاڵۆشن
بەدەم لاواندنەوەی ئەشقەوە،
دەرپێکانمان دەکردنە کەلەپچەی دەستی بکوژان
پێمان دەگوتن: وەرن!
گوڵەکانی ژیان لێرەن،
داستانەکانی سەرکەوتن و
زەمزەمی شەهادەتەکان لێرەن!
فەلسەفەکانی بوون و ئایینەکانی جوانی لێرەن!
لێرەن ترۆپکی لەزەتەکان و
سەروەری سەروەرییەکان لێرەن!
وەرنە ئێرە..
چۆرێک ئایدیا لەکانیلەی مەمکۆڵانمان بخۆنەوە!

دابەش دەبووم وەک ئەمیبا
لەشکرێک ژنم لێ دەخولقا و پێمان دەگوتن:
با شارێک لە ئەشق
باخچەیەک لە ماچ
لە ئاڵۆشەکانی غەریزە ماڵێک درووست بکەین.
با نیشتمان لە منداڵانی خۆشەویستی سەررێژ بکەین،
باخەکانیشی لە میوەی حەرام!

لە نێو ئاگری شەڕگەدا پێمان دەگوتن:
سمێڵەکانتان کە دووکەڵی باروووت و
هاڵاوی خوێن برژاندوونی،
لە بۆنی بەیبوونی ژێرسنگ و
نێوڕانی ئێمەیان مەست بکەن!
مەتارەکانتان پڕ بکەن
لە هاڵاوی هەناسە ئەشقبزوویێنەکانی ئێمە
دووربینەکانتان بئاخنن
لە ئەفسوونەکانی
گەردانی گۆزەی ناز،
جیلوەی چراخانی مەمک،
لەرەی لەتەر و کەفەڵمان.
وەرنە ئێرە!
چەکەکانتان
بە درەختی ڕۆحی ئێمەدا هەڵواسن،
فیشەکدانەکانتان
پڕبکەن لە تیرۆژی نیگای ئێمە،
ئێوە هەموو شەرەفتان لە شەڕگەکاندا لێ بزر بوو،
وەرن هەموو پیاوەتیتان تا ئەبەد بە ئێمە بدۆڕێنن!
ئەمە دواهەمین دۆڕاندنی جەنگ و
یەکەمین سەرکەوتنی ئەڤینە.

ئەگەر ژن بام ...
وەک بەکتریا دابەش دەبووم
دەبوومە هەزاران ژن و
بە کاتیۆشاکانی ***ئاشقترین ئاشق***
بەرەکانی جەنگمان وێران دەکرد،
ماڵەکانی شەڕمان
دەکردنە گوڵزاری ئیرەم.

بەهاری 2000

*بیرۆکەی ئەم شیعرە، قەرزداری چیرۆکی "تۆ هەڵەی لۆسیستداتە"ی ژنەچیرۆکنووسی ئەڵمانی خاتوو ***کریستینابرۆکنە***رە و ئەویش لە کۆمیدیای ***لۆسیستداتە***ی گریکەوە وەریگرتووە کە ساڵی 411 ی پ.ز نووسراە. بڕوانە کریستینا برۆکنەر، *"پەیڤین لەگەڵ دیواری زیندانەکانی شتامهایم"*، وەرگێڕانی بۆ کوردی دکتۆر هەژار مارف، 1999 سوید

## ژنباران

*پێشکەشە بە:هەمیشە روو لە خودا... هەمیشە مەست*

زەرد زەرد دەرژێن، لە فەزادا سەما دەکەن
ئاڵتوونیانە لەسەر زەوی لێک وەردەبن
سلاو بۆ بێوەفایی چڵە سەرمەستەکان دەنێرن کە لە بەردەم
نازی کزەبا و چاوبڕکێی پەڵەهەورێکی پرچخەنەییدا
سێماچەی تەلاقیان لە مست نان و بە ماڵەباوانی خەزانیان سپاردن.

زەرد زەرد دەرژێم
ماڵئاوا ئەی ماچە ئاگرینەکانی هەتاو لەسەر لێوی ئاڵۆشنی کلۆرۆفیل
ئەی دەسبازییەکانی شنەبا لەسەر گردۆڵکە سەوزەکانی سینە
ئەی شەیدابیەکانی ژیان کە لە چەهچەهەی ٚخورماخۆرەکانەوە بۆ گوڵ
دەرژان و ئێمە چاوانمان پێ دەرژتن!
ماڵئاوا
ئیتر ساتێک بۆ سپێدە نەماوە تا دەستە تەزیوەکانی بە کەزیی تەرچڵی ئێمە گەرم بکاتەوە،
ئیتر درەنگە بۆ زەردەپەڕ تا تنۆکێ ڕەنگ لە زاری زەردرەنگی ئێمە بتکێنێ.
لە ماڵئاواییدا وەختییەتی لەکەنارەکانی ڕەنگەوە،
لە لێوارە وەنەوشەییەکانی مەرگەوە،
گوێ بۆ ئاوازە یاقوتییەکانی فڕین بگرین،
لە کپبوونی هەناسەدا خەونی سترانی سامالەڕۆژەکان ڕاڤە بکەین.

له وەرزی ڕژاندا دەڕژێم و خەریکم بڕژێمە چیمەنی دراوسێی شەقامێک، بە ڕووتی ڕوو لە خودا لەسەر پشت ڕابکشێم
ژنێک دێ ...
مەستترن چاوانی لە ***دڵێکی تازەهەڵکێشراو لە کوپەی کۆنەشەرابێک***
دوو مەمکی نیوەڕووتی
لە شیعرێکی ***قوباد***ەوە قەرز کردووە،
گوڵناوکی خاچێکی گرتووە،
من عیسام، بێ ئەوەی پێی بڵێم:
خودای من بۆچ تەنیا جێت هێشتم؟

ژنێک دێ، سێبەش رووت، لەسەر زگ دەڕازێ،
دەبێتە هاوماڵی نەهەنگی نیگایەک...
سێبەری ماچێکم دەڕژێتە
سەنگەری نێوشانی،
خەیاڵی هەناسەم
لە گوڵجارەکانی لوتکەوە بۆ پێدەشتەکانی سەرپشت،
بۆ نواڵە خەملێوەکانی نێوران،
سەنگەر سەنگەر هێرش دەبا و نیشتمانێ داگیر دەکا!

ژنێک دێ... ژنێک دێ... ژنێک دێ
ژنێک دێ و من تەنیا
بە تەنیا دەڕژێم و
لە تەرمی ڕژاوی ڕژاوان دەنوارم
بە تەنیا و قەت ناڵێم:

خواکەی من بۆچ تەنیا جێت هێشتم؟
بە کوفرم لێ مەگرە!
ئەو هەموو جورئەتەت بۆ پێدام،
تا هەموو ئەشقەکان بە ئەشقی چەک و چیا بگۆڕمەوە؟
هەموو وێنەکانی جوانی بە گەردنی کەچی نیشتماندا هەڵبواسم؟
هەموو کتێبەکانی ژیان بە ئایەتەکانی **میم - لام** ئاڵشت بکەم؟

گازندەی نێوانی خۆمان بێ
نەدەبوو هێندەم زات لە بەرنێی،
جوانەگای توانستم لە گێرەی سەرابی شۆڕشدا بپرۆکێ!
نەدەبوو...
تۆ وات کرد تا شەوقی بینینم
بۆ ئەشق،
بۆ ژن و
بۆ جوانی
لە لولەی تفەنگا بخنکێ.
لە وەرزی ڕژاندا من ئێستاش چاوەڕێم،
بە دەنگێ لە دەنگی خۆت بچێ، پێم بڵێی:
"بمبەخشە
نەمتوانی تۆزقاڵێک گومان لە ناختدا بچێنم،
ڕەگێکی داربەڕووی ئەشقی ژن لە دڵتدا بژێنمەوە،
بۆ چەند ساتێک تفەنگەکەت لێ وەرگرم،
دەستە نامۆکانت
بە مەمکۆلانی دەستەمۆی شۆخەژنێ ئاشنا بکەم،

من نەمهێشت...
به ماچێک خیانەت له نیشتمانی میم - لام بکەیت".
ژنێک دێ... ژنێک دێ .. ژنێک دێ
ژنێک دێ و من دەڕژێم،
ژنێک دێ و من تەنیا
ژنێک دێ و
کراسێکی "مینیڕووت"ی لەبەردایە،
لەسەر مەرزی مەملەکەتی دارڕژاندا،
دەستێکی دەکاتە نیشانەی ستۆپ!
مەمکێکی دەکاتە نیشانەی ستۆپ!
گوڵپشکۆی زمانی دەنێتە سەر لێوی خەیاڵم،
چاوانی: تەنیایی... ستۆپ ... ستۆپ

بارانی دارڕژان نابینا،
لەژێریا وڕێنە سەوزەکانی تۆ دەنووسمەوە
فاتیحایەک بۆ شەهیدەکانی
جەنگی
جیهانیی چوارەم دەخوێنم
"له شەڕی نێوان با و پەپوولاندا،
من له سەنگەری ***با***دا دەوەستم... با حەقیقەتەکانیش لەسەر باڵی پەپولە بن
ئەی نایبینی: کۆڵێ کڵفەت
کۆڵێ شەهید
کۆڵێ ژن و
کۆڵێ دوژمن به کۆڵمەوەن"

ئەمە قسەی تێکۆشەرێکی دێرینە کە نازانم لەسەر کام گاشەبەردی
نیشتمان نووسیبووی!
چ شێردڵە هاوڕێکەی من، کە ئێستا ئێواران؛
نیشتمان و شەهید،
پەپوولە و با،
وەهم و حەقیقەت،
مەمکۆڵەی پەیکەرەژنێکی
نێو جامخانەکانی مەنفا و
گەڵایەک مەریوانە، پێکەوە دەکێشێ!
موعتادە هاوڕێکەم
بە وڕێنە،
بە هاش،
بە مەنفا،
بە نیشتمان.... نیشتمانی
با
گوڵ
شەهید و
ژن و دوژمن!

لە دووتوێی ڕژاندا
من هێشتا میوانی هەرێزی باخچەیەک،
دراوسێی شەقامێک،
لەسەر پشت ڕوو لە خودام
ژنێک دێ..
ژنێک دێ..

ژنێک دێ ...
ژ.. ن .. ێ
بارانێ لە ژن شەست دەکا
لەژێر چلچرای مەمکدا،
لە بەر چەخماخەی ناوکدا،
باخچەی پاشا" دادەگیرسێ!
تۆ لە کوێی؟
بە پەلکەزێڕینەی مەمکۆڵان خۆت بشۆی
نهێنی: چێژەکانی مەمک،
بۆنەکانی مەمک،
ڕەنگەکانی مەمک
کەشف بکەیت!
مەمکی ئاڵ: بە ڕەنگی گێلاس و
تامی شاتوو/ بۆنی مێخەک،
مەمکی زەرد: بە رەنگی بەهێ و
تامی لیمۆ/ بۆنی هێرۆ،
مەمکی ڕەش: بە ڕەنگی ئایندە و
تامی هەڵوو/ بۆنی ڕیحان
تۆ لەکوێی؟
ئەم هەموو ڕەنگانە،
تامانە،
بۆنانە،
ئەم موزاییکی مەمکانە
لە گەڵای شیعرێک بپێچیت و
بە ئادرێسی ڕۆحی "هێمن" مەیلی بکەیت!

من لێرە،
لە کەناری دارڕژاندا وەکو هاوڕێ موعتادەکەم،
دەوری وڕێنە دەکەمەوە
خودایە!
بەهەشتەکانی جەستەت کە خولقاند،
دارخاچەکانی رۆح بۆچی؟
ڕەنگاڵەکانی مەنفات کە نەخشاند،
ئایەتەکانی "سەررەشە بێمێشکەکان" بۆچی؟
کە "سەرتاشراوەکان" پۆستاڵ لە پێ دەکەن،
مەوداکانی نێوان مەمک و مەنفا دەبنە سفر!
کە ڕەنگی پێست دەبێتە گسگ و کبریای پێ دەماڵن،
من بۆ نیشتمانی بێکەرامەت دەگریم
کە مەنفات ئاوەدان کردەوە،
نەدەبوو بە دۆزەخمان بترسێنی!
خودایە!
بە نیشتمان موعتادم دەکەیت یان بە مەنفا؟
بە ڕابردوو یان بە ئێستا؟
من داوای بەخشین بکەم یان تۆ؟
من لە تۆ ببوورم یان تۆ..؟
خودایە!

هاوینی 2002

*باخچەی پاشا: باخچەی هەموو ڤیستیڤاڵەکان بە ڤیستیڤاڵی مەمکیشەوە

## سرووتەکانی ئەشق لە میحرابی کەلاوەدا

.

دەتبا وەک پووشی دەمبا بۆ سێبەری بن نیوەدیواری کەلاوەیەک، خەون..
بەرماڵەسێبەرێک لەژێر چنگەکرێی خۆر و باران و
زریانی زەماندا مانایەک لە ڕەنگی ڕانەگرتووە.
بەرماڵێک، لێرەدا گشت ڕۆژێک چەند شەقاوان پێش سپێدە،
ڕیشە سپییەکەی باوک چوار ماچانی لێ دەچاند و
بە ئاوی دوعاکانی دایک سەوز دەبوو.
دەتکاتە پشکۆیەک ئەم خەونە
هەر بستێک ئەولاتر لە سێبەر، لە چاوی پڕ سیحری ماڵێکدا دەتنێژێ..
ماڵێک ئاوەدان بە گەرمیی دەستە فریشتەییەکانی دایک و
سەرڕێژ لە ووناکایی وێرد و تەهلیلەی خەڵوەتکێشانی باوک.
لێرەدا، لە نێو دڵی شیخاڵشیخاڵی کەلاوەیەک کە ڕۆژگارێک لێوانلێو
لە حەرفەکانی ئەشق و هەڵژەنراو لە بۆنی گوڵاوی جووتبوون،
ئەمێستا لەژێر قورسایی ئەو نزاباڵسووتاوانەی بە هیچ شوێنێک نەگەیشتن،
بە ونبوون و دابڕان سیخناخ..
لێرەدا، لەسەر دەستە پڕفەڕەکانی خۆرەتاو،
لە شوێنونبوونی ژانی ژنێک، دڵێک لە پێکەنین بزووت و
جەستەیەک لە خەون پڕ بوو لە گوڵ،
بوو بە ڕووبار و
لە توێی شەپۆلاندا شارێک کەوتە سەما.
ژانی ژنێک هەناسە وەبەر ماڵێک دەکا،
ماڵێک بە غەریزەی مانەوە بە چرۆ دەخەملێ و

باخێک لە وەنەوشە دەبێتە شار
شارێک، لە گوناهستانی خۆیدا،
لە مولحیدبوونی بەندە یاخییەکانی و
دڵڕەقیی خوا، دەبێتە کەلاوە!
تۆ لە باخچەی لەڕەنگ بەجێماوی کەلاوەشارێکدا،
دەبیتە دارستان
هەتاکو یادوەریت بڕ بکات:
درەختە و ئەستێرەی گرتووە،
کانییە و گۆرانی بۆ ورشەی مانگ دەڵێ،
خونچەیە و هەناسەی کازیوە هەڵدەمژێ،
ئاشقە و لە زەویی ئەویندا دەڕەقسێ!

لە چاوی خەوندا هەڵدەچی
دەبیتە دوو دەستی دوعایەک
دەگەیتە بەر تەختی خواوەند و ئیتر تۆ:
تویژاڵێک لە گڕ و دەکشێیتە فەزایەک لە نووری خودایی و
دووبارە دەڕژێیتە نێو کۆچە و شەقام و نێو حەوشەی
ئەو ماڵەی
سەردەمێک ماڵێک و
شارێک و
جیهانێک لە خەون و
تەمەننا و هیوا بوو.
کانییەکەی بەرماڵان،
شاتوویەک بەهاران بە پەلکەزێڕینە،
هاوینان بە مزریی چێژێک و بە بۆنی بەرۆکی کچۆڵان داپۆشراو.

چنارە گەورەکەی سەر حەوزی مزگەوت و سەرسەکۆی پڕئەشقی
مورید و خواناسان،
سەرچڵی دەتکاتە ریشۆڵە و لەوێوە هەڵدەفڕی...
فڕین بەرەو:
ئەو فەزایانەی بە زەوین ناگەنەوە،
ئەو رۆشناییانەی ژوانێکیان لەگەڵ تاریکیدا نییە،
ئەو ***کانیشێخ و کوڵەبۆز و حەمەوخانـ***ـانەی
کە بۆنی کتێبەکانی کیمیا و
شووشەی بەتاڵی مەینۆشانیان لێ دەرژێ!
بەرەو ***کانییەقوڵکە و کانیئاشقانـ***ـەکان کە هێشتا
"بەندی سوخمەی ئاڵی گوڵناری دولبەرانیان" بە ئاهی
***تایەربەگ*** دەترازێن..
بۆ ژێر گورزەتیشکی پەنجەرە ئاڵوواڵاکانی ماڵێک
کە لەوێدا
***بەگزادە*** دامەکەی بە ***سۆن*** دۆڕاند..
چ دۆڕانێکی ئەبەدی بوو!
بفڕە!
فڕینێکی بێنیشتنەوە،
بەرەو ئەو قاپییە بە ئاستەم درزتێکەوتووەی
بە ئاسمانی کۆڵانی پشتەوە هەڵواسراوە..
***چرۆ***یەک بە کراسێکی مۆری
نیوەڕووتەوە، بەرقی حەزی ئەشقێکی شەرمێونی کچۆڵانەت تێ دەگرێ و
جورئەتی وەرگرتنی نامەیەک ناکا کە بە ئارەقەی دڵت خووساوە!
بەرقێک کە دەهرێکە لە ناختدا تیشک دەهاوێ!
بفڕە چاوی ئەو ئەستێرانەی

شەوانە بەدەم وەنەوزدانی دەرسەکانی ماتماتیکەوە
پەلیان دەگرتیت و تەختێکیان لە ریحانە لەگەڵ ئەو ***گوڵە*** تازە بە ژنبووەی
دراوسێتان بۆ چێ دەکردیت.
هەر بستێک ئەولاتر،
ئەڵقەڕێزی ئەو دەروازە مەمکڕێژە راوەشێنە!
وەژوورکەوە!
حەوشەکە بەردڕێژە
تارمەکە خشتی سوور
پەنجەرەکان بە ڕەنگی گێلاس
گمەی کۆترەکان و ئاخ و ئۆخژنی ژنە ئالۆشنەکەی کرێچیتان،
وەک هەمیشە یەکدی دەخۆنەوە!

بفرە!
لەسەر پشتی کاکێشان
کوختێک لە ماچەکانی بەرائەت بۆ ڕاکشانی ڕۆحت
هەڵبچنە.
لە دارکاژەکانی کوفر و بزمارەکانی یاخیبوون
تابوتێک بۆ جەستەت
ساز بکە.
لە تیشکەلانی ئەستێرانەوە
تاوێرێک تیشک بۆ ئەشکەوتی ئەسحابان
بهاوە.
گڕ بەردە لە تاریکستانی سەدەکانی سڕبوون و
شمشێرە ژەنگاوییەکانی موعجیزە
ئەو پردانەی فەلسەفەی جەنگە دۆڕاوەکانیان بۆ گۆڕستانەکانی سەرکەوتن

پەڕاندەوە، هەڵتەکێنە.
تیرۆژێک لە رووخساری خوا بەسەر خەراباتی شاردا
کە ترووسکەی نووری خامۆشە،
برژێنە.
لە تێفکرینی ***حەزرەت**** بۆ خەراباتی دنیا لەو بەرزەوە
رابمێنە.
بۆ خراپەی ئەهلی بەدمەستانی،
سوجدەی شەفاعەتێک بەرە.
لەگەڵ خوادا پەیامی نەنیشتنەوە لەسەر ئەم (وێرانەخاک)ـە
ببەستە
لە وێرانیی ئەم شارە شپرێوەدا
جێگایەک بۆ پاکیزەیی تۆ و
بەرائەتی فریشتەکانی ئەشق نەماوە.
لە ساپیتەی یەقینرێژی ئەم ماڵە بێدەنگ و ڕەنگەدا،
درزێک بۆ پێدزکەی گومان و
پرس و
تێهزرین نەماوە
مەنیشەوە
هیچ نەماوە!

*حەزرەتی مەحوی کە دەفەرموێ:
شوکر هوشیارە ***مەحوی*** تێ دەگا دنیا خەراباتە
کە بەدمەستی بکا ئەهلی، خراپەی بۆچی لێ دەگرم.

8-11 /4/2001

## ئەو نامانەی بە کەس ناگەن

1

بە بۆنی باران دەینووسیت،
لە تاڤگەی گڕدا دەیکەیتە نوشتە و بە باڵی سپیی
هەوری دەسپێریت..
"*پزیسکێ لە هومێد بنێرە،*
*تا چرای دڵم داگیرسێ،*
*چاوەکانی چاوەڕوانی ڕوون ببنەوە!*"

2

بە زمانی تەرزە دەینووسێت..
نە گەڵا لێی حاڵیی دەبێ
نە گوڵ دەتوانێ ڕاڤەی کات،
خۆر نایهێنێ و گیرفانەکانی مانگ خاڵیی،
دەستەکانی سەبا لەرزۆک
لە خەوندا دەیخوێنییەوە...

"هروژمی شەتاوی خوێنە لە لوتکەوە،
هاکا پێدەشتی پێخوست کردا!
لاقەکانم بە ڕەنگی ترس و دوودڵی،

دڵەڕاوکێ باڵی دڵمی تەنیوە،
مژێکی مۆر بۆتە تارای بینینم..
نە تیشکێ دێت و رۆحی دەیجوورم نوورپرژێن بکات،
نە رووبارێکیش دەبێتە پەرژین
بۆ ئاگربڕی خەرمانی عومرم،
جەستەم دەسووتێ و تاریکییش
تک تک
دەتکێتە گیانم،
لە خەراباتی ماڵی زەینمدا،
ڕووخسارێک نییە پێی ئاشنا بم.
لە دواهەورازی سەفەری شەوی لەخۆگەڕانما،
چریسکەی هومێد چۆڕایە چاڵی ڕەشبینی و پوچیی.
بزنەڕێیەک بوو ڕێبازی ئەشق،
پێچامیە ماهێک هەزاربەهەزار،
نەگەیشتمە زنار،
تا بتوێمەوە و
دەمەوبەیانێک لە نێو نیگاتا
ببم بە گزنگ،
یان ئێوارانێک بە زەردەپەڕ و
بەسەر باڵاتا بە خوڕ ببارم.
تۆ مەترسێ و بفڕە لەپی ئەستێرەیەک،
با لە وەرزی پێچانەوەی بەهاری ئەم بنارەدا،
لە بڵێسەی نواڵێکدا نەبیە قەقنەس!
با لە دڵەڕاوکێی شاردا مرواریی دڵت نەڕووشێت،
بۆ چاوانی چۆڕەبڕبووی لەتەشاخێک

نەبیتە زەنگیانەی فرمێسک.
زریانی لم لە زمانی ئەشق ناگات،
با لە زمانەی کڵپەیدا نەتوێیتەوە".

3

لەسەر لێوی کەنار بە زمانی زووخاو دەینووسیت،
بە دەزووی ئاخ دەیپێچیت و شەپۆل دەیبا..
"خەونێ بوو ئەستێرە، فڕینیش نەیگەیشتێ.
نیشتنەوە، پایزەبارانی مەرگێکە،
ئێواران هەرزاڵەی ئارەزووم تەڕ دەکا.
***با*** یەکە نیشتنەوە..
لە سارای بێسروەی خۆزگەدا،
ئەم شڕەتاوڵی داڵدەیەم دەڕفێنێ.
چناری دەم ڕۆخی چۆمێکم،
ڕیشکم لە ڕیشەی قوڵایی ئاڵاوە و
سەرتەرزم دەلەرزێ.
لە وەرزی زریان و ڕەهێڵەی شمشێر و
هەرەسی مێژوودا دەترسێم.
لە وادەی ناوادەی سەفەر و
لە سەمای بەلەمی سەرپەنجەی
شەپۆلی سەرشێت و بێئەزموون دەترسێم؛
دەترسێم بمبەن و لە نێوان مردن و ژیاندا بمنێژن...
نەهێڵن نە پەلکی شەوبۆیەک بکەمە میحرابی هەناسە و
نە ڕەنگی پاییزیش بپۆشم".

4

به ڕەنگی مەرگ، لەسەر سنگی قرچاوی لم دەینووسیت و
سێبەری گیانکێشان دەیڕفێنێ..
"ئەمشەو، جەستەی تەزیوی بیابان، گەرمیی هەموو دەنگەکان دەخواتەوە،
ئەمشەو، هەموو شتەکان لە کۆتاییەکانی بووندا، ون دەبن..
هەموو پیرۆزییەکانی من و تۆش".

5

بە خوێنی شمشێر، لە بنی پۆستاڵ دەنووسرێت،
دەبێتە ***عار*** بە نێوچاوی بیابانەوە و لافاوی نوح نایسڕێتەوە..
"ئەمشەو لەژێر ئاسمانی بێئەستێرەدا، ***سەگەکان***مان بە مێژوو سپاردن..
نمەبارانێکیش نەباری".

## به تیرۆژێک لە نیگای تۆ دەبم بە گڕ!

لە نیگای تۆدا گڕ دەگرم.
دەستی تاریکاییی تەمەن لە دەستی سپێدە دەنێم.
لە پەیڤێکتدا دەبم بە ئاو..
تنۆک تنۆک دەتکێمە سەر شۆڕەکاتی یادەوەریم کە لە فەرامۆشیدا کەوتۆتە ئاویلکە!
لە بناری سەفەردا، پێچاوپێچ بە بزنەڕێیەکی لەبەفرگیراوی پێخوستنەکراودا
کە کاڵەی پێ_مان پێماڵیان دەکرد،
پێیەکانمان سەریان بەرەو
سەرهەڵگرتن هەڵگرتبووین..
پێی وابوو سەرهەڵگرتن؛
بەرەو پێدەشتێک لە بەهەشت،
بۆ ترۆپکێک لە تیشکەلان هەڵماندەگرێ!
تەمەنێک لە رۆژ و عومرێک لە شەو،
زەمەنێک لە سەفەر و عەیامێک لە عەودالّی،
دەوەنی ناوت لە ڕێڕستی زمانمدا سەوز دەبوو،
تیشکەگەڵای بینینم بوو چرۆی چاوت
بەدەم شنەی باڵاتەوە دەشنامەوە.
باڵام دەکرد. دەگەیشتمە هەور..
لە گوورگەزێی زنارێکدا، تێکەڵ بە پەلکەزێڕینە

دەباریمە زنەی نازت
دەگەیشتمەوە قوڵایی زەریاچەی ڕازت.
سەردەمانێک دیرۆکێ بووم، من بە ناوي تۆ دەپەیڤیم..
بە دیدەی تۆ دیدەڕوون بووم.
ئەمێستاش من، لە رستنەوەی ڕۆشتووەکاندا:
بە تیریێژێک لە نیگای تۆ دەبم بە گڕ.
لە چۆڕاوگەی پەیڤێکتدا، دەبم بە ئاو!
ئاو: دەشواتەوە گەردیلە گەردلێنیشتووەکانی ڕۆح.
پەلکەشەوبۆی لەشولارت ئاونگرێژ دەکات.
دەبێتە پردێک لە تیشک،
بە خۆرە ئاوابووەکانی ئەودیوی زەمەنمان ئاشنا دەکاتەوە، ئاو!
دەمانکاتەوە ئاولەمە، ئاو.. لە وێڵاشی وڵاتێکمان دەپێچێ بۆنی وێڵبوونی نەگرتبێ..
وڵاتێک؛ پەیمانێکی لەگەڵ غوربەت نەبەستبێ،
تنۆکێ ژەکی سەرهەڵگرتن بۆ فرچکدانی ئێمە شک نەبا!

مای 2004

## وەرزی مردن

وەرزێک دێ،  دەمرم..
خۆزگە **پاییز** بێ و
خوێنی گەڵایەک بڕژێتە ڕۆحی هەڵفڕیومەوە،
خەزانی دارێک،
تەرمي بێنازم لە ئامێز بگرێ،
بە تیشکی زەردی دوانیگامەوە،
پەلکەزێڕینەی ژیان جێ بێڵم..
وەرزێک دێ، دەمرم..
خۆزگە پاییز بێ و
دوابزەی نازی خۆرئاوابوونێک
تابووتپۆشم بێ..
ئەستێرەیەکی ئاشق و سەرشێت،
وەک خۆم سەریاخی،  ببێتە گۆڕم!

بە دوی مردندا ڕا ناکەم..
ئەو وەرزێک دێ
پێم خۆشە ئێوارەی ڕۆژێکی پاییز بێ..
بێت و پێشتر تەلەفونێکی نەکردبێ،

نەیپرسیبێ:
داخۆ لە فڕکردنی قاوەیەکی تاڵ بوومەتەوە؟!
جگەرەیەکم کێشاوە؟!
چیرۆکێکم بۆ "ڕۆمان" خوێندووەتەوە؟
بە "گێلاس"م گوتووە:
گوڵە گیان، ماندوو نەبیت!
چ عومرێکی درێژە ڕۆژێکی لێکدابڕان!
پێم خۆشە بێت.. بێت و نەپرسێ؛
داخۆ شیعرێک لە نووسینەوەم بووەتەوە؟
ڕۆمانی ***کیمیاگەر***م خەتم کردووە و
لەگەڵ ***ڕۆحی گەردوون***دا پەیڤیوم؟!
چەند تابلۆی ڕەش و سپیی ***ئەزموون و یاد***م لە یاد ماون؟
لە دەرگای چەند قوتابخانەم داوە و چەند پۆلەپیتی ***باڵدار***
لە زارم هەڵفڕیون؟

من بە دوی ئەودا غار نادەم..
ئەو وەرزێک دێ
ئەو مانگێک دێ
ئەو ڕۆژێک دێ
ئەو ساتێک دێ..
با بێت و زەنگێکیشی لێ نەدابێ،
نەیپرسیبێ چەندي مانگی ساڵی چەندە و
من لە داوێنی کام دەوران داکەوتووم و
لە ساڵۆني کام سەدەدا

دەستی سوالّم ڕاگرتووە!
بابێت..
بابێت و وەک مندالّە لاسارەکانی گەڕەک لە دەرگا نەدات،
وەک پشیلە نەوسنەکەی دراوسێمان بێخشپە،
بەدەم ئاوازی وەنەوشەیی مەرگەوە،
یەکسەر بۆ ژوورەکەم بێت و
ئێوارەباشم لێ بکات..
بتوێتەوە تیشکەدەستی لە دەستی تەزیومدا،
لێوی تاسەی، حەسرەتی لێوم بمژێت..
پێم خۆشە، پێش ئەوەی دانیشێ؛
لە پەرێزی ئێوارەدا چەپکێ لە زەردەپەڕ بچنێ و
بە پەنجەرەی بینینمدا هەڵیواسێ!
زنجیری جانتاکەی بترازێنێ،
قاپێ شەرابی زەردڕەنگ و
دوو پیالّەی زەرلی لەسەر مێزەکەم دابنێ..
پێم خۆشە، ئەو خۆی مەیگێڕ بێ..
بە دەستی موبارەکی خۆی،
یەکەم پێکی خەزان سەرڕێژ بکا و
بڵێ: بەسلامەتیی سەری خۆم.. نۆش!
هەر دێت...
با بێت و
دواپیالّەکانی ***فەنا*** پێکەوە هەڵبدەین..
با بێت و
دوانیگاکانی چاوەڕووانی بە ژوواني ئەشق بسپێرین،
دەستی شەپۆلەکانی مەستیی بگرین و

کەنارە زەردەکانی ***بوون***
بەرەو قوڵاییە ڕەنگینەکانی
عەدەم جێ بهێڵین!
با بێت..
بێت لەگەڵ کزەبای ئێوارەی پاییزدا،
هەرساتێک پێی خۆشە!

ئاپریلی 2004

## ئەوی تر

له ناکەسیی کەسێک
ناکەسێک دەکەم بە کەس
کاسەی کەسەری کەسێکم
لە دەست بگرێت.
لە نابینایی بینیندا
لە بینینی کەسێک وێڵم
کە کەڵکەڵەی بینینی تۆم لە هزردا دابچێنێ!
لە تاریکیی تێهزریندا
تک تک بیناییم داچۆڕا،
لە چاڵاوی داچۆڕیندا
کەسێک چاوی نەبوو بە چەم،
هەناسەیەک نەبوو بە تەم!

# بەرد

بەردیش مێژوویەکی هەیە،
مێژوویەک لە بێدەنگی و چاوەڕووانی،
بەردیش دیرۆکێکی  هەیە،
چیرۆکی ئەشق و تێڕامان.
بەردیش دڵێکی هەیە،
مەزن وەکو باڵای ئەوین
نیان مینا چرپەی باران.
بەردیش لەگەڵ زەوین دەدوێ..
زمانێکە ئێمە هەرگیز لێی تێناگەین.

## گوزەشتە

گوڵەکان ژاکان،
ڕەنگەکان مردن،
پەپوولەی بۆنەکان تاران،
لە شکانی دوائینجانەدا،
سەری مەستم میحرابی کڕنووشی جێ هێشت!

**دەنگ**

***با*** بۆ  هەموولایەک دەفڕێ .. هەموو دەنگەکان لەگەڵ خۆی نابا.

## چارەنووس

بۆ: بەرۆژ ئاکرەیی

سەرمان لەسەر سەکۆی کەسەر کەسیرەی سەنگی سەنگێک
کە پێش بوونمان ناشیبانە هاوێشتیانە ئاوێنەیەک!
بێ لە ئێمە گشت شتێک و بێ لە ئەوێ گشت شوێنێکی تیا خەوتبوو!
لە شکاندا: شتێک بۆ کەسێک و کەسێک بە ئێمە پێکەنی!
تۆ بۆ پێکەنین گریایت و منیش بە گریان پێکەنیم.

## بەهەشت

ڕیتمی دڵت،
بە کۆڵانی نیوەمردووی
خوێنی مندا پیاسە دەکا!
دەڵێم: خوایە!
هێشتا ژیان خۆشی دەوێم،
هێشتا پردی پەڕینەوە بەرەو مردن،
سەررِێژە لە بۆی سپێدە و
لە ڕەنگی پەلکەزێڕینە!

لێوت لەسەر لێوم دەنێی..
شەوی ڕۆحم پڕ دەبێ لە ڕووناکایی،
تیشک لە جەستەم دەئاڵێ،
ئاگر لە گیانت بەر دەبێ،
ئێمە پێکەوە دەسووتێین،
ئێمە زیندووین!

سەری زمانم،
گۆی پیرۆزی کەعبەی سینگت زیارەت دەکا،
دەڵێم خوایە!
بە تەمەنێ گوناهەوە، هێشتا بەهەشت چاوەڕێمە!

2003

## نیشتمان

به ڕەنگی گوڵدانی  داهاتوو ڕووخسارم،
ڕابردوو تەرمێکە
لە دەستی ئێستادا، چلۆنی بنێژم؟!
نامنێژێ..
نەبادا ڕۆیشتووەکان بە چرپەی خەزانێک بسپێرم!
نمنمەی بینایيم
دەرژێتە هەمواری مەودایەک، هەزاران تیشکەساڵ درێژە..
وەرزیی: مەلێکە گوێسوانەی خۆشبینیم دەکاتە هێلانە.
دابڕان: پێکێکە لێوانلێو لە شیعر، لە جامی غوربەتا دەینۆشم.
نیشتمان: خەونێکە بە حەرفی هەناسە دەینووسم!

سیپتامبەری 2000

## ئاڵای وشه

*بۆ ڕۆحی مامۆستا و برام... بۆ کاک عەینەدین!*

لە سیاساڵ و بێبارانیدا،
تۆ چۆن بە ڕێژنە ڕژایتە وەرزی بەیاری عومرم؟!
لە شەوەزەنگی نەهامەتیدا،
گەورەم!
چۆن توانیت چراوگێ گڕ دەیت،
بە تەیمانی تیشک رۆحم بتەنیت؟!

تۆ لە تۆماری ئەندێشەی مندا،
پەیڤێکت نووسی،
 وەک ئاو بێگەرد و
چوون ئاگر پیرۆز
تۆ پێنووسێکت نایە نێو دەستم،
فەرمووت بنووسە!
"پەیڤم مندالّی ئاگرپارەیە
ماڵاماڵ لە تیشک
لە ماڵی ڕست و
کۆشکی زمان و
حەوشی ڕێزماندا، حەجمانی نییە!
پەیڤم پەیامی ڕۆحێکە سەرشێت،
ڕۆحێک خاوەنی خودی خۆیەتی و

له ژاوەژاوی ئەم ژیانەدا،
ستران بۆ جوانیی خەونەکان دەچڕێ".

گەوەرم!
ئەمێستاش یەکەم پەیڤی تۆ،
لە دارستانی یادەوەریمدا،
چڵاوچڵ دەفڕێ!

تۆ بوویت ئاگری ئەشقی نووسینت،
بەردایە دەشتی بەرینی گیانم.
پەیڤی هەقبێژی و ملکەچنەکردن،
تۆ تۆوت کردنە مێرگی زمانم.

گەورەم!
بەڵێن بێ، ڕەنگینەئاڵای شۆڕشی وشە،
لەسەر مەزارت بەرز بشەکێنم.

تۆ ئارام بنوو،
ئەی ڕۆحی ماندوو!
ئەگەر ***مان*** مانای بۆ
مان- م مابێت،
بێخەم بە
منیش وەک تۆ دەمێنم!

1 ئایاری 2005

## جەللادەکان لێرەوە تێدەپەڕن!

لێرەوە هاتن..
لێرەوە رۆشتن و دووبارە بێرەدا دێنەوە..
بێرەدا، بە پانتایی ئەم خاکەدا،
بە ناخمدا،
بە هەوراز و نشێوی یادەوەرییەکانمدا،
ئەوان هاتن و وێرانیان کردم
ئەوان دێن و وێرانم دەکەن
ئەوان بە ڕەنگی شمشێر و بۆنی خوێن و
نەعرەتەی زەبرەوە
بە مندا تێدەپەڕن
هەزاران جەللادۆکە لە شوێنپێکانیاندا جێ دەهێڵن.
باوکم، بە شەپازلەیەک لەسەر کارێکی نەمکردبوو،
باڵای جەللادێکی لە زەینمدا شەتڵ کرد.
مامۆستای ئینگلیزی،
لەسەر حونجەکردنی وشەیەک
کە حەرفەکانیم پاشوپێش خستبوون،
وێنەی جەللادێکی لە دەفتەرەکەمدا نەخشاند!
کە باوکم مرد،
جەللادەکان سێ ڕۆژ ڕێگایان پێ نەداین بە خاکی بسپێرین.

که دایکم به یەکجاری جێی هێشتین،
لەژێر چەخماخەی شمشێری جەللادەکاندا،
هەنیسکەکان لە ئەوکمدا هەڵپڕوزان!
لێرەوە هاتن..
بە دیزداشە و عەگاڵەوە،
بە سواری ئەسپی لمەوە،
بە بەدلەی بەڵەک و
تاج و
ئەستێرەی شانەوە،
بە ریشی جادووگەرەوە،
بەسەر ڕەخشی ***ڕۆستەم***-ـەوە،
بە فڕۆکە و بە دوو باڵی خەردەلەوە،
بە بەرگی خاکی و کەتتافی و
بە جامانە و
بە چەکوشەکەی ***کاوە***وە،
هاتن و
وڵاتی گوڵ و شیعریان کردە دۆزەخ،
کردیانە جەللاداوا!
هاورێکەم گوتی:
لە وڵاتی مندا،
مەودای نێوان جەللاد و شۆڕشگێڕ داوەدەزوویەکە،
لەمێژە پساوە.
لە هەموو شوێنێکدا جەللادێک چاوەڕێمە
جەللادەکان ڕەنگاوڕەنگن،
کەچی یەکدەنگ و یەکئەرکن

دەنگی تۆقاندنی من و
ئەرکی زەلیلکردنی تۆ!
بە ئەنفال گزگلیان کردین،
بە ژەهر گرگنیان کردین،
بە ئازادی ڕووتوڕەجاڵ!
پێڵاوی لاستیکیان کردە پۆستاڵ،
جامەدانی بە کاسکێت،
ئازادی بە گوللە،
میکرۆفۆنی موژدە مردووەکان
بە بڵندگۆکانی  ترس
هەموو شتەکان بە دژەکانیان..
مەوداکە، تاڵەموویەکە.. لەمێژە پساوە!
هاوڕێکەم وا دەڵێ:
چەند گوناحین ئێمە
نا نا،  چەند گوناحن جەللادەکان
کە هێشتا خۆیان بە قوربانیی دەزانن!
ئێمە قوربانییانی ئارەزووەکانی ئەوان
ئەوان قوربانییانی حەزە شەڕانییەکانی خۆیان.

لێرەوە ڕەت دەبن..
بە تەنیشت "***خاکوخۆڵ***" دا
ماڵەکەی ***حەزرەت*** لە تۆزدا نغرۆ دەکەن..
***"قوربانی تۆزی ڕێگەتم هەی بادەکەی خۆشمروور"***
لێرەوە دێن

وەک "***پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور***"،
بە وێرانییەکانی شاردا پیاسە دەکەن
سڵاویک لە ***تایەربەگ*** ناکەن..
دێن و چاوبڕکێ لەگەڵ کارئاسکەکانی ***باخی میر***دا دەکەن،
(سوخمەی ئاڵی گوڵناری) ***کانیئاشقان*** لە تەم دەگرن!
دێن و لە پیرۆزیی ***مردووەکانـ***ـدا،
ڕۆحی زیندوویێک لە تابووتی وەهمی ئازادیدا دەنێژن!
جەللادەکان لێرەوە تێدەپەڕن..
دێن و لە لوللەی چەکەکانیانەوە،
شاپلیتەی تووڕەییمان لە دەست دەنێن،
گڕ لە بەژنی مۆنۆمێنتی مەرگەساتی خۆمان بەردەدەین!
حیکایەتەکانی ***دەفتەری سەروەری*** زیندەگۆڕ دەکەین!
جەللادەکان ڕەنگاوڕەنگن:
جەللادێک بە سیانیدەوە،
جەللادیک بە چەکەوە،
جەللادێک بە قەڵەمەوە،
جەللادێک بە میکرۆفۆنەوە،
جەللادێک بە مقەستەوە،
جەللادێک قاسەی دۆلار بەکۆڵەوە،
لێرەوە هاتن و لێرەوە ڕۆشتن و سەدبارە دەگەڕێنەوە!

* لە شیعربوونی ئەم تێکستە بەگومان بووم، دیسانیش نەمتوانی لێرەی وە دەر نێم.

ئازاری 2006

## زەمەنی خولقاندنی شتەکان

نووسینی: زەکەریا تامر

یەکەم ڕۆژ، مرۆڤیان خولقاند،
دووەم ڕۆژ، جەللادەکانی!

سێهەم ڕۆژ، ***وشە*** لەدایک بوو،
چوارەم ڕۆژ، دووژمنەکانی!

پێنجەمین ڕۆژ، بۆ ئازادی و
شەشەم ڕۆژیش، نەیارانی!
حەوتەمین ڕۆژ، بۆ باڵندە و
هەشتەم ڕۆژیش، راوکەرانی!
نۆیەمین ڕۆژ:
خودا، لە کاری خۆی راما...
چ کارێکی ترسناکە!
زەریایەک خوێنی لێ دەڕژێ!

ڕۆژی یەکەم:
شێر، پڵنگ و هەڵۆ خولقان.
ڕۆژی دووەم:
مێش و بۆق و ڕەوەکوللە!
ڕۆژی سێهەم:

زەوی تەخت و ڕەوەکوللە داگیری کرد!
ڕۆژی چوارەم:
خوا سەیری کرد:
کارێکی پڕمەخابنە...
ئەوەی چاوەڕێ نەدەکرد!

ڕۆژی یەکەم:
ئاو هاژەی هات،
ڕۆژی پاشتر، خوێن پێلی دا.
ڕۆژی سێهەم:
نەوت فیچقەی کرد.
ڕۆژی چوارەم:
شەتاوی خوین، لە پێناوی زێڕی ڕەشدا!
ڕۆژی پێنجەم:
سەرۆکەکان لەدایک بوون.
ئەوان، لەئاست ئێمە سەربەرز،
لەبەردەم دووژمنانیشدا:
گزگل، زەلیل... بەڵی قوربان!!
ڕۆژی شەشەم:
خوا لە کاروباری ڕووانی:
ئەمە قاقای پێکەنینە لە تراژیدیای گریاندا!

ڕۆژی یەکەم:
نیشتمانی مرۆڤ خولقا و

بوو بە جەنگەڵی دڕندان.
ڕۆژی دووەم:
مرۆڤ وەکو برا هاتن،
کەچی هەندێک بوون بە جەللاد،
هەندێکیشیان  بە قورربانی..
هەندێک بوونە تەماشاکەر،
بۆ شانۆی شەڕی براکان!
کۆمەڵێک مات و مەلوول و
کۆمەڵێکیش، بێپەروا لە هەڵڵای زەمان!
ڕۆژی سێهەم:
پەیڤ لەدایک بوو،
تا ببێتە زایەڵەی ئازاری مرۆڤ،
کەچی بردیانە بازاڕ و لە کڕین و فرۆشتندا،
کێ زۆری دا، هەر ئەو بردی!

نان درووست بوو، ڕۆژی چوارەم.
نان، جەلادێکی چەپێنەر، دڵ لە بەرد و
قامچیی دەستی سووکایێتیی لێ دەباری!

ڕۆژی پێنجەم:
لە زایینی بێزاریدا،
***غەزەب*** دەرکەوت،
بێهێزەکان ئامێزیان بۆ والا کرد و
بەهێزە چەکدارەکانیش، میلی چەکیان لێ راکێشا!
ڕۆژی شەشەم:

شمشێر خولقا،
تا پشتیوانی هەق بێت و
ناهەق بشکێ.
شمشێر، لە رووی زاڵماندا،
تەنیا چەند مانگێک راوەستا،
لەسەر ملی مەزڵومانیش، دەیان سەدە!
ڕۆژی حەوتەم:
بەرد درووست بوو
لە بەرد، کۆشک و زیندانەکانیان ئاوا کرد.
بەرد بوو بە چەک، بۆ بێچەک و هەشبەسەران!

ڕۆژی هەشتەم:
ڕۆژی خولقاندنی ئەدیب!
ئەدیبەکان، هەندێک ئەهلی درۆ و ڕیا،
هەندێک ڕێبواری راستگۆیی...
وا دەیبینین، درۆ تیشکی هەتاوێکە، ئاوی چاوی مرۆ دەبا.
ئەدیبی خێڵی هەقبێژان، وەکو کوێران،
لە تاریکیی نیشتماندا، پەل دەهاوێ!

ڕۆژی نۆیەم:
درەختەکان بۆ هێلانەی باڵندەکان،
لە زەویدا بەرزبوونەوە!
لە باڵای یەکەمین درەخت،
یەکەم سێدارەیان چەقاند!

ڕۆژی دەیەم:
کورسی خولقا، بە هەزاران، فڕکان فڕکان،
تێی ورووکان، پێیان وابوو، ئەمە کەشتیی رزگاربوونە،
لە گێژاوێکی بێئامان!

دوانزەهەم ڕۆژ:
ئەسپ و کەرگەل سەریان هەڵدا.
ئەسپ ڕۆژانێک سەرکەوتوو،
کەر، براوەی هەموو دەوران!

سیازدەهەم ڕۆژ:
قەل و قالاو، دەسماڵی رەش،
شینایی ئاسمانیان تەنی،
بە قیژوقاژ لەگەڵ چریکەی چۆلەکان،
وەشەڕ هاتن.
قالاو، بۆ چەند رۆژێک بەزین،
پاشان بوونە پادشای ئاسمان!
چواردەهەم رۆژ:
خەویان خولقاند.
خاوەنهەق خەوت
هەقدز، پرخەی گەیشتە مالان.
خەوی خاوەنهەق بەتاڵە.
خەوی هەقدز، چرای ماڵە!

پانزەهەم ڕۆژ:
خودا فەرمووی: چییم کردووە من؟!
ئەم بارە، چۆن هەڵدەگیرێ؟،
ئەمە کارێکی مەحاڵە!

ڕۆژی یەکەم:
لانە وماڵیان بەرزکردنەوە.
ڕۆژی دووەم: خاوەنماڵانیش پەیدابوون.
ڕۆژی سێهەم: لاپرسەن و ناکەسبەچان،
ئاغای ماڵ و لە ئاسمان و زەمینەوە،
گوڵیان بەسەریاندا باراند!
ڕۆژی چوارەم:
خوا لەسەر تەختی خۆیەوە،
لە حاڵی ڕەعییەتی ڕووانی و
فەرمووی: شایستەی زریانن!
لەو ڕۆژەوە، چەوساوەکان، چاوەڕوانی زریانێکن،
هەرگیز نایەت!

4 ی مای 2006

**سەرەنج:** ناونیشانی بابەتەکە، لە دەقە عەرەبییەکەدا (الفتوح العربیە) نووسراوە. من ناونیشانەکەم گۆڕیوە و کردوومە بە (زەمەنی خولقاندنی شتەکان). — دەقە ئەسڵییەکە، بە شیعر دانەڕێژراوە، بەڵکە دەقێکی پەخشانئامێزی چروپڕە. — لە پرۆسەی بەشیعرکردنی دەقەکەدا، مافی گۆڕین و ئازوگوێزپێکردنی هەندەک تێرم و پەیقم بەخۆم داوە. بەڵام لە وێنە و مەبەستەکانی نووسەر، دوور نەڕۆیشتووم. — وەرگێڕانی "دێڕێک"م بەپێویست نەزانیوە و وەلام ناوە. — بڕوانە: زکریا تامر. ***هجاءُ القتیل لقاتله***. ل. 13- 16، چاپی یەکەم.

## دەورانی ڕۆژەکان

نووسینی: زەکەریاتامر

ڕۆژی شەممە:
درەختێکی کەڕسێبەر و بۆ هەمووکەس ئامێزواڵا.
یەکشەممە:
درەخت، تەورێک بوو، ڕاوی دارستانی دەکرد!
دووشەممە:
نەدارێک بوو، گیرفانبەتاڵ،
سێشەممە، ئەو کڕنووشی برد،
سەری وڵاتی نەوی کرد،
ئەو بانک- ێک بوو، بە دوو پێیان پیاسەی دەکرد!
چوارشەممە:
شای شۆڕشگێڕان،
بۆ پێنجشەممە: کۆنەپارێز،
ڕۆژی هەینی: کۆنەپارێزی شۆڕشگێڕ!

ڕۆژی شەممە:
منداڵێک بوو، هۆگری شینایی ئاسمان،
یەکشەممە هات، ئەو پیاوێک بوو،
باوەکوشتەی ئاسمانی هەموو جوانییەکان!

دووشەممە:
پشیلەیەک... دەلال، دڵگیر.
کەچی سێشەممە بەورێک بوو، شەیدای نێچیر!
چوارشەممە:
ئەو، هەڵۆی ئاشقی ئازادی،
بۆ بەیانی، قالاوێکی بەقاووقیژ،
ڕۆژی هەینیش: کونەپەپووی
عەوداڵ لە دوی
داروپەردووی
کەلاوەکان!

ڕۆژی شەممە:
ئەو قوربانی و ناڵە لە ناخیا تاسابوو،
کەچی یەکشەممە جەللاد بوو،
لە وڵاتی قوربانیدا!
دووشەممە:
ئەڤینداری پەیڤەکان بوو،
ڕۆژی دواتر پەیڤفرۆشێکی بێوێنە!
چوارشەممە:
گەردنێکی ڕووتوقووتی لە دەمی چەقۆ هەڵاتوو،
ئای! لە ڕۆژی پێنجشەممەدا:
ئەو کێردێک بوو، گەردنەکانی ڕاو دەنا!
ڕۆژێ هەینی:
ئەو خۆی ڕۆژ بوو، کەچی بوو بە شەوگارێکی بێکۆتایی!

ڕۆژی شەممە:
ئەو ڕووبارێکی سازگار و..
رۆژ وەرگەڕا، زۆنگاوێک بوو، بۆ زاوزێی
خێڵی بۆقان!
دووشەممە:
لەگەڵ خەڵکدا، ئەو شینگێڕی شینگێڕان بوو..
بۆ سێشەممە، خەڵک تەنیا و ئەو سەرچاوەی گریانیان بوو!
چوارشەممە: سەرڕاست و ڕاستگۆ!
پێنجشەممە: دووڕوو، درۆزن!
ڕۆژی هەینی: هەردوو دەستی پان کردنەوە،
پڕ بوون لە پاداشتی ساختە و فێڵ و دهۆ.

2006/6/19

زەکەریاتامر، ***هجائ القتیل لقاتله***، چاپی یەکەم،2003

## پێڕست


1) له مەرگی گەڵادا ..... 5
2) مانایەک بۆ مردن ..... 6
3) سەرخۆشن ئەستێرەکان ..... 7
4) یادەوەری ..... 9
5) !! ..... 10
6) وێنەپاییزییەکان ..... 12
7) ئاشتبوونەوە لەگەڵ چەک ..... 16
8) فێرم بکە وەک ئاشقان پیاسە بکەم ..... 18
9) چرکەسات ..... 21
10) چۆنت بنووسم؟! ..... 22
11) پاڕانەوە ..... 23
12) لەیلەتولقەدر ..... 24
13) ژنێک لە دارگێلاس ..... 25
14) تۆ دێیت و زگۆڵەی دڵی من غرِ دەدەیت! ..... 28
15) لە بێدەنگیت دەبم بە ئاو ..... 30
16) تریفەی ماچ ..... 31
17) ڕۆحم بەرامەی تۆی لێ دێ ..... 32
18) TABU ..... 33
19) ژنباران ..... 37
20) سرووتەکانی ئەشق لە میحرابی کەلاوەدا ..... 44
21) ئەو نامانەی بە کەس ناگەن ..... 49
22) بە تیرۆژێک لە نیگای تۆ دەبم بە گڕ! ..... 53
23) وەرزی مردن ..... 55

24) ئەوی تر ..... 59
25) بەرد ..... 60
26) گوزشتە ..... 61
27) دەنگ ..... 62
28) چارەنووس ..... 63
29) بەهەشت ..... 64
30) نیشتمان ..... 65
31) ئاڵای وشە ..... 66
32) جەللادەکان لێرەوە تێدەپەڕن! ..... 68
33) زەمەنی خولقاندنی شتەکان ..... 72
34) دەورانی ڕۆژەکان ..... 78

## بەرهەمە چاپکراوەکان:

1) ژارک، کۆمەڵەشیعر، 1991 سوید.
2) گۆڤەندی دارستان، ئۆپەرێت و کورتەچیرۆک بۆ مێردمنداڵان، چاپی یەکەم 1995 سوید، چاپی دووەم 2000 کوردستان.
3) گەڕان لەدوی سەرابی نیشتمان، کۆمەڵەشیعر، 1996 سوید.
4) لە سێبەری دیوی ناوەوەی ڕووداوەکاندا، ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی سیاسی، 1998 کوردستان.
5) لەتێک غوربەت لە تەمەندا، کۆمەڵەشیعر، چاپی یەکەم 2000 هەولێر، چاپی دووەم 2000 سلێمانی.
6) گێڕانەوەی یادەوەرییەکان (ساتیر، کورتەچیرۆک، پەخشان، ڕەخنە و گفتوگۆی ئەدەبی)، 2002 سلێمانی.
7) بە تیرۆژێک لە نیگای تۆ دەبم بە گڕ، دیوانەشیعر، 2004 سلێمانی.
8) کورد لە دەروازەی هەزارەی سێدا (ونبوون لە پەرتبووندا)، وتار و لێکۆڵینەوەی سیاسی، دەسگای چاپ و پەخشی حەمدی، 2005 سلێمانی.
9) ئەزموون و یاد (یادەوەری)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، 2008 سلێمانی، چاپی دووەم، 2008 سوید.